# ملوانكه لــه ڕەنــگی ئەڵماس



ئێكسسوارەكان هەردەم ڕۆڵی جوانكاری و زیاتــر ڕازاندنــەوەی خانمانیان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئێكسسوارێكی بچووكیش بێت، بۆیــە دەبێ جوانــی خانمان زیاتر ڕازاوەتــر بێت بە ئێكسســواری گونجاو بڕازێننینــەوە، لەگەڵ ئەوەشــدا هێمای نیشــانەی جوانــی و ڕازاوەیــی پێــوە دەردەكەوێت كاتێك خانمان بە ئێكسسوارە ناسكەكان جوانتر دەبن، چەندین مۆدەی ئێكسسوار هەن، یەكێك لەم مۆدانە بریتییە لە ئێكسسواری ملوانكە، ئەویش چەندەها جــۆری هەیــە، جوانتریــن و ڕازاوەترین ڕەنگ بۆ ئێكسســواری ملوانكە بریتییە لە ڕەنگی ئەڵماسی، یان هەر دروست كراو لە ئەڵماس، بەمــەش جوانییەكی گەورە دەبەخشــێت و لەگــەڵ پێســتی خانمان دەگونجێت.





# جینزەكان خانمان ڕازاوەتر دەكەن

بۆ مۆدەكانــی هاوین و پاییزی داهاتوو، دەبێتە مۆدەی جینز و كاوبۆیە ناســكەكان، ئەمەش وەك مۆدەیەكی پێشــبینی كراو بۆ ئــەو وەرزەی داهاتوو، جینــز و كاوبۆیەكان جوانییەكی هاوتایــان هەیە و دەتوانن زیاتر جەســتەی خانمان ڕازاوەتر بكــەن. زۆری مۆدەكانــی جینــز و نەخشــەكانیان وەكو ڕێگەیەك دەكرێت ســوودیان لێوەربگیرێت بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی جەستەی خانمان، بەتایبەت كاتێك مەبەســتمان پانتۆڵی جینزە بە گشت جۆرەكان. ئەوەی یەكێكە لە سەرەنجراكێشترین مــۆدەكان بریتییە لە : جینزی لەســەرەوە كراوەبێت و لە خوارەوەش واتا لەلای قاچەكان باریك ببێتەوە. بەمەش جەستە زیاتر ڕازاوەتر نیشان دەدات و كراوەیی بە گشت مۆدەكانی جلەكانی دیكە دەبەخشێت.




# مۆدەیەكی نوێ بۆ پەردە

گرنگی دان بە دیكــۆری ماڵەكان زیاتر خانمایەتــی و خانەدانی خانمــان دەردەخات و بــەرەو ڕێگەیەكی زیاتر سەرەنجراكێشــیان دەبــات، لەگەڵ ئــەوەی كاروبــاری ماڵ جێگەی دەست ڕەنگینی خانمانە، یەكێك لەو بەشە گرنگانەی لە ماڵدا بەرچاوە و جێگەی جوانی دەگرێت، ئەویش بریتییە لە (پەردەی پەنجەرەكان)!

لە مۆدەكانی پێشوو پەردەكان بە گەورەیی و كراوەیی بەناوبانگ بوون، كەچی لە مۆدە تازەكان ئەو ڕێچكەیە گۆڕا و بەرەو مۆدەیەكی دیكە ڕێگەی گرت، ئەویش بریتییە لە مۆدەی ڕاست و بەبێ زیادە واتە بەپێی شێوەی پەردەكە بێت. بەمەش جوانییەكی كــراوە بە پەنجەرە دەكات، لەگەڵ دەرخســتنی شێوەیەكی جوان لە ژوورەوە و لە دەرەوە. بۆیە مۆدەی پەردەی هاوشێوەكانی پەنجەرەكان وەك مۆدەیەكی تازە و نوێ بەكاردەهێنرێت.









# کراســـە کراوەکانی بووک

چەندەهـــا مۆدەکانی بەدللە و کراســـی بووك، بە جۆرێك ئامادە دەکرێن و جوانییەکی گەورە دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەی بۆ رۆژێکی جـــوان و پیـــرۆز ئامادەدەکرێـــت بۆ ئەوەی خانمان بیپۆشـــن و ببن بـــە جوانی و بووکە ناســـك، ئەمەش دەبێت کراســـەکان مەرجی رازاوەیـــی و جوانی لەگەڵ خانمی بووکیان هەبێت. جوانی کراســـی بووك لە شـــێوەی دروین و بوونی نەخشـــەکانە لەناو کراسەکە مۆدەیەکی باو و کراوە بۆ کراسی بووك، لە مۆدە تازەکانی ئێســـتا، بریتییە لە کراسی بێقۆڵ و سینگ کراوە، ئێستاش ئەو مۆدەیە داواکارییەکی زۆری لەســـەرە لە مۆدەکانی رۆژئـــاوا و رۆژهـــەڵات، هەروەها لەگەڵ بوونی پارچەیەکی درێژ لە دواوەی کراسی بووك بۆ زیاتر کراوەیی و رازانەوە.

# ناسکی و باریکی لە مۆدەی پێڵاو







جوانـــی خانمان لـــە گشـــت بوارێکدا رەنگدەداتەوە و دەبێ بە شێواز و ئاراستەیەکی رێك ئەو جۆرە جلوبەرگە هەڵبژێرێرین تاوەکو لەگەڵ جوانی جەســـتە و شێوازی رووخسار بگونجێت، تەنانەت دەبێ پێداویســـتییەکان لە ئاست جوانی و ناسکی خوودی کەســـەکە بێت. یەکێك لەو بەشـــە گرنگانە بریتییە لە پێڵاو و سەندڵ بۆ گشت خانمێك. جوانی پێڵاو و سەندڵەکان لەو کاتە دەردەکەوێت، کاتێك ناســـکی و باریکی لە شـــێوازەکەی ئامادەکراوە، لەگەڵ بوونی نەخشێکی رازاوە بۆ ســـەرتاپای پێڵاوەکە، هەندێك پێـــڵاو جوانییەکـــی گرانیان هەیـــە، کەچـــی ئەوانەی دەیبینن بە جوانترین جۆرە سەندڵ و پێڵاو دادەنرێن بـــۆ ئـــەوەی لەگەڵ گشـــت جۆرە جلێك بپۆشرێت.

# بەرزترین پایسكیلی جیهان



ئەوەی دەیبینن دەبێتە یەكێك لە گەورەترین پایسكیلەكانی جیهان، وەكو دەبینن ئەوەندەی (٦) پایسكلی دیكە گەورەترە و بەمەش دەبێتە سەیرترین پایسكل، لە وڵاتی فنلەندا ئەو پیاوە پیرە بیری بۆ دروستكردنی گەورەترین پایسكل كردەوە و تا توانی لە ئەنجامدا دروستی بكات. وەكو دەبینن هەر تایەكی پایسكلەكە نزیكەی (٢) مەتر بەرز دەبێت و لەگەڵ ئەوەی شوێنی دانیشتنی نزیكەی (٣) مەتر دەبێت، بەمەش وەك ئۆتۆمبێلە بەرزەكان دەبێتە تازەترین پایسكلەكانی ئەو سەردەمە، هەروەها وەكو لاساییەك لە ئۆتۆمبێلە بەرزەكان.



# منداڵێك كێشی (٦٥) كیلۆگرامە

ئەو منداڵانەی كاتێك لە دایك دەبن، بەهۆی بوونی جەستەیەكی بەهێزیان لە دایك دەبن، بەرەو بەهرەیەكی تایبەت و جیاواز دەردەكەون، تەنانەت جیاوازییان دەبێت لەگەڵ گشت منداڵێكی دیكە. ئەوەی دەیبینن وەكو هەر منداڵێكی ئاسایی وایە و كەچی جەستەیەكی گەورە و زەبەلاحی هەیە، لە بەرامبەر منداڵەكانی دیكە بە باوكیان دەشبێت. (گریسكۆ) ئەو منداڵەیە لە ویلایەتی ئەلئاسكای ئەمەریكی دەژێت، وەكو دەبینن شێوەی ئەوەندەی (٤) منداڵ گەورەترە. لە وێنەیەكدا لەسەر جۆلانێ دانیشتووە و بەرامبەر (٦) كەسی دیكەی بەرزكردۆتەوە، بەمەش دەبێتە گەورەترین منداڵ، تا ئێستا تەمەنی تەنیا (٩) ساڵ دەبێت و كێشی (٦٥) كیلۆگرامە.







# پەتاتەی مراوی



كاتێك بەرووبوومە سەوزی و میوەكان دەردەكەون، بە چەندەها شێوەی جیاواز دەبن، ئەمەش وەك ئەو شوێنەی لێوەی رواوە یا بەپێی ئەو گەشەكردنەی بەرووبوومەكان دەوەستێت. كەچی ئەگەر سەیرێكی ئەو پەتاتەیە بكەین، بە شتێكی سەیری دەبینن و، بەهۆی ئەوەی شێوەیەكی سەیری وەرگرتووە.

بەبێ دەستكاری مرۆڤ، یان هیچ كارێكی دەرەكی، شێوەی مراوییەك لەسەر تەواوی پەتاتەیەك دروست بووە، ئەمەش وەك كارێكی سەیر لە وڵاتی (تەنزانیا) دۆزراوەتەوە، بەمەش دەبێتە سەیرترین پەتاتە لەسەر شێوەی مراوی بێت. ئەوەی سەیر بێت بۆ ئەو پەتاتەیە، كەسێك پێنەزانیوە تاوەكو لە بازاڕ دۆزراتەوە لەلایەن منداڵێكی بچووك.

## جەستە چەماوەکان

ئەوانەی جەستەیان نەرمە و دەتوانن چەندەها جووڵە ئەنجام بدەن، بەمەش دەتوانن جەماوەرێکی گەورە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە و لە میانەی ئەنجامدانی جووڵە سەیرەکانیان. (ئەمیۆز هیۆنگ و جۆن کراون) دوو کەسن لە جیهان، دەتوانن بە چەندەها شێواز جەستەیان بچەمێننەوە و، کاتێك دەبیانەوێت کاری جووڵەی سەیر و چەماندنەوە ئەنجام بدەن. جۆن کراون، لەگەڵ ئەوەی کێشی جەستەی زۆرە و قەڵەوە، کەچی جووڵەیەکی وایکردووە کەسی لاوازیش ناتوانێت کاری لەم جۆرە بکات، ئەمیۆزیش دەتوانێت دەستەکانی لە پشتییەوە بهێنێتە پێشەوە و قاچەکانی بگرێت.







## دوو کەس و دوو ئوتۆمبێل بوونە هاوسەری یەکتر

لە سەیرترین کاری هاوسەرگیری، بۆ ئەوەی وەکو هەنگاوێکی سەمەرە و ناوبانگێکی گەورە، توانیان سەیرترین هاوسەرگیری نێوان دوو کوڕ و کچێك بەجێبگەیەنن. ئەوەی سەیر بێت ئەو دوو بووك و زاویە هەردووکیان پێش ببنە هاوسەری یەکتر، هەمان جۆرە ئوتۆمبێلیان دەبێت. بیرۆکەی ئەو دوو بووك و زاوایە، ئەوەبوو لە ڕۆژی ئاهەنگی خۆیان ئوتۆمبێلەکانیشیان ببن بە هاوسەری یەکتر، ئەوەبوو هەریەکە ئوتۆمبێلەکەی خۆی وەك بوومك و زاوا ڕازاندنەوە و ئەوانیش وەك بووك و زاوای ڕاستەقینە بوون بە هاوسەر. بەمەش لە ڕۆژێکدا دوو هاوسەر و ئوتۆمبێل بوون بە هاوسەری یەکتر و لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە بۆیالن سازکرا.



## ئەوە سەگە یان ئەسپە!

شێوەی گیانداران بە گەورەیی و بچووکی نییە، تەنانەت جیاوازی شێوە لە مرۆڤیش بەدی دەکرێت، لەوەی کەسانێك هەن لەوەی دیکە گەورەترین یان درێژترن یان کورتر یان.. ئەمەش بەهۆی جیاوازی گەشەکردنی لە بینای جەستەدا، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو ئەسپە بکەین، بە جوانترین و بچووکترین ئەسپی دادەنێن. ئەو دوو ئەسپە هاوتەمەنی یەکترن، کەچی ئەسپە ڕەشەکە (٥) ئەوەندەی ئەسپە قاوەییەکە گەورەتر و بەرزترە. لە کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئەسپ لە وڵاتی دانیمارك، ئەو ئەسپە بچووکە دۆزراوەتەوە و تا ئێستا بەم شێوەیە گەورە بووە. تەمەنی دەگاتە (٧) ساڵ، شێوەیەکی بچووك و جوانی هەیە، ئەوەندە لە ئەسپ ناچێت، زیاتر شێوەی لە سەگێگ دەچێت.





# گیاندارانیش سوارچاکن

سوارچاکەکانی جیهان لەوە بەناوبانگن دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پشتی ئەسپەکان یان گاکان بمێننەوە و بۆ ئەوەی کاری خۆیان لێوەی ئەنجام بدەن، کەچی وادیارە ئەو بەهرەیە لە مرۆڤ بەرەو گیانداران ڕێگە دەگرێت و مەیموونەکانیش دەتوانن کاری لەم جۆرە ئەنجام بدەن. ئەوەی دەیبینن مەیموونێکی ڕاستەقینەیە و دەتوانێت ببێتە سوارچاکێکی بە توانا، بەڵام نەوەك لەسەر پشتی ئەسپ، بەڵکو لەسەر پشتی سەگ، وەك لە وێنەکاندا دەبینن دەتوانێت کاری سوارچاکی بکات و، وەك سوارچاکەکان جلوبەرگی تایبەتیان بۆ پۆشیوە، بەمەش دەبێتە یەکەم گیانداری سوارچاك!

# کراسی بووکێک لە مەڕ



ئەو خانمانەی چاوەڕێ ڕۆژی ئاهەنگی بووکینی خۆیان دەکەن، هەردەم بیر لە هەڵبژاردنی جلێکی جوان مەبەست لە کراسێکی بووکینی، یان بەدڵلەیەك دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەیان جوانییەکی گەورە ببەخشن، کەچی ئەو خانمە بە پێچەوانەی گشت خانمێك کراسێکی سەیری بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە گشت کراسێك جیاوازترە، ئەم خانمە لە گوندێك دەژی لە وڵاتی ئوستراليا ناوی (ئەلیسۆن)ە و خاوەن چەند سەر مەڕێکە، بیرۆکەیەکی سەیری بۆ دێت لەوەی چۆن کراسێك دروست بکات لە خوری مەڕەکانی، دوای چەند هەوڵێك دەتوانێت کراسێکی جوان وەك لە وێنەکەدا دەبینن دروست بکات.

# دوو مۆدەی قژە سەیرەکان





قژە سەیرەکان ڕۆژانە لە مۆدەی تازە و سەیرتردا دەردەکەون، بە جۆرێك لە خەیاڵ و بیری کەس نابێت لەوەی چۆن مۆدەیەکی لەم جۆرە بهێننەکایەوە، یەکێك لەو مۆدە سەیرانە کاتێك دەردەکەوێت بە پێ جوانی و تەسریحەیەکی سەیر ئامادەدەکرێت بۆ زیاتر سەرەنجراکێشان.

ئەوەی دەیبینن دوو مۆدەی قژە، هەر یەکە بە شێوازێك ئامادەکراوە و لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی جوانی هەیە، کەچی بۆتە حاڵەتێکی سەیر جێگەی پێکەنین و سەرسوڕمانی خەڵك بێت. دەتوانن قژەکان ببینن و قسەی خۆتان بۆی لەسەر بکەن.

# له ناو سندوقێكدا گواسترایەوە





ئەگەر سەیرێكی ئەو دیمەنانە بكەین، شتێكی سەیرتر دەبینن لە گشت كەسێك، چونكە توانای ئەو گەنجە لەوە زیاترە لەوەی كەسانی دیكە بتوانن كاری لەم جۆرە ئەنجام بدەن. تەنانەت دەتوانێت لەناو سەندووقێكی بچووكیش جێگەی خۆی بكاتەوە. ئۆلیڤەر گەنجێكە لە وڵاتی نەرویج دەژییێت، بەهۆی نەرمی جەستە و بوونی ئێسقانەكانی بە ڕێژەیەك دەتوانێت بیچەمێنێتەوە، لە بەردەم نمایشێكی گەورە توانی خۆی بخاتە ناو سەندووقێكی بچووك و لەلایەن دوو كەسی دیكە هەڵیبگرن، بەبێ ئەوەی شتێكی بەسەر بێت.

# گەورەترین لاپتۆپ

كەرەستە سەیرەكان ڕۆژانە دەردەكەون بۆ بەرچاوی گشت خەڵكێك، تەنانەت كاتێك كەرەستەیەكی سەیر دروست دەكرێت، بە ئامانجی كاری ڕێكلام و بەرهەمێكی سەیر ئامادە دەكرێت. ئەوەی دەبینن بریتییە لە لاپتۆپێك، لە گشت لاپتۆپەكانی جیهان گەورەترە، دەكرێت بڵێین ئەوە دەبێتە دایكی لاپتۆپەكان.

لە لایەن كۆمپانیایەكی وڵاتی كۆریا، توانی گەورەترین لاپتۆپ دروست بكات و لە هەمان كاتدا وەك نمایشێك نیشانی بدات، درێژی لاپتۆپەكە دەگاتە (٣) مەتر پانی و لەگەڵ بەرزایی بۆ (٢)مەتر، لەگەڵ ئەوەی لاپتۆیە، كەچی وەك تەلەفزیۆن و داتاشۆ، و شاشەیەكی سینەما كاری پێدەكرێت. ئەوەی سەیر بێت دەبێت بە هەموو دەست دووگمەكان دابگریت بەهۆی گەورەیی دووگمەكان.



# دانیشتن لەسەر دار!



ئەوانەی لە توانایاندا هەیە نمایشی تایبەت و جوان لە ڕێگەی نیشاندانی بەهرەكانیان پێشكەشی بكەن، دەتوانن لە ڕێگەی كارە سەیرەكانیان جووڵە و كاری وا بكەن گشت خەڵكانێك بە سەمەرە بهێنن و شتێكی سەیر تۆمار بكەن. ئەوەی دەبینن گەنجێكە، دەتوانێت لەسەر دارێك بوەستێت یان دانیشێت.

لە وڵاتی (ڕۆمانیا)، گەنجێك بە ناوی (ئارسیم)، توانی بۆ ماوەی دانێك واتە نزیكەی (٥) كاتژمێر لەسەر دارێك دانیشێت، بەبێ ئەوەی بكەوێت. وەك دەبینن چۆن دانیشتووە و ئەمەش دەبێتە سەیرترین جووڵە و بەهرە لەم گەنجە، كەسیش ناتوانێت لاسایی بكاتەوە یان كاری لەم جۆرە ئەنجام بدات.




## مۆدەیەک لە قەمیش

لە نمایشێکی تایبەت بە قژ، بۆ مۆدەکانی داهاتوو کە دەبێ قژ بەم جۆرە مۆدانە دەربکەوێت و ئیتر مۆدەکانی پێشوو بەرەو نەمان دەچن و، مۆدەی تازەی لەم جۆرە مۆدەیە دەردەکەوێت. ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکە لە قەمیش دروست کراوە و، وەك پێشبینییەك بۆ مۆدەکانی قژ لە داهاتوودا بەم جۆرە دەبێت، لە تەسریحە و رەنگ و شێوازەکان.



## بۆ ئاسوودەیت

☺ - لە گوندێك ئافرەتێك زۆر تەمبەڵ دەبێت، هەر کەسێك بێتە ماڵی ئیشێکی پێدەکات، ڕۆژێکیان مەلای ناوچەکەیان دەڵێ دەبێ ئەو ئافرەتە چارەسەر بکەم و هەندێك ئامۆژگاری بکەم، بۆیە ڕۆژێکیان دەچێتە ماڵی ئافرەتەکە، کاتێك لە دەرگا دەچێتە ژوورەوە، ئافرەتەکە دەڵێت: ئەوە کێیە هاتە ژوورەوە با لەگەڵ خۆی گسکەکە بهێنێت. کاتێك دێتە ژوورەوە ئافرەتەکە دەبینێ مامۆستایە و شەرمەزار دەبێت و بە مامۆستا دەڵێت: ئەوە تۆی بەخوای دەبێ بیبەیتەوە شوێنی خۆی!

☺ - جارێکیان منداڵێك بە دایکی دەڵێت: دایە وایە فریشتە باڵی نییە ؟! ئەویش دەڵێ: ئەوەی بزانم باڵی هەیە.. منداڵەکەش دیسان دەڵێت: من دەڵێم باڵی نییە، چونکە باوکم بەو کچەی جیرانمان دەڵێ فریشتەکەم وەرە لام!



## شەقامی زنجیر

ئەوەی سەیری ئەو دیمەنە بکات، وادەزانێت بۆ وێنە ئامادەکراوە و بۆ خۆشیە، کەچی دەبێ بزانین ئەو وێنەیە راستەقینەیە و بریتییە لە شەقامێك پێش شۆستەکان (رصیف) بە نەخشێکی زنجیر دروست کراوە، ئەمەش وەك دیمەنێکی جوان و سەرنجراکێش لە ولایەتی فلۆریدا لە ئەمەریکا. بەمەش دەبێتە یەکەم زنجیری شەقام لە جیهان.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا وەڵامی ئەو پرسیارەت دەست دەکەوێت کە ئاراستەی هاوڕێیەکت کردبوو، مەهێڵە گرفتێکی بچووك کاریگەری درووست بکات لەسەر تەواوی ژیانت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەفتەیەکی زۆر خۆش دەبێت بۆ تۆ، هەواڵێکت پێ دەگات کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆتەوە هەیە و بەختەوەرت دەکات، چێژ لە کاتە خۆشەکانی ئەم هەفتەیە وەربگرە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕووبەڕووی کێشەیەکی بچووك دەبیتەوە کە چارەسەرکردنی ئاسانە، هاوڕێیەکت داواکاریەکت ئاراستە دەکات، خەونەکانت بێ کۆتایین و گەیشتن پێیان پێویستی بە هەوڵدانێکی زۆر هەیە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پەیوەندییەکی خۆشەویستی نوێ لەڕێگادایە ئەویش دوای ئەنجامدانی گەشتێك، ئاگاداری باری داراییت بە و بەرنامەیەك بۆ خەرجکردنی پارە دابنێ بە شێوەیەك لەبەرژەوەندی تۆ دا بێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

چەند گۆڕانکارییەك دێنە پێش و هەموویان لەبەرژەوەندی تۆ دان، دەرگای بەختت دەکرێتەوە و بەشێکی زۆر لەئاواتەکانت دێنە دی، وەفاداری سیمایەکی تایبەتی کەسانی خاوەنی ئەم بورجەیە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایەك بکەوە تاکو باری داراییت باشتر بێت، ئەمەش بە هەڵبژاردنی کارێك کە لەگەڵ توانای خۆت بگونجێت، ئەمە دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی کێشەی داراییت.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە .
٢- شەرێکی دۆڕاوی ناپلیۆن بوو(پ)- وەکو یەك.
٣- سێ پیتی رایات- پارێزگایەکی عێراقە(پ) دوو پیتی برین.
٤- نیوەی سبات- نور(ت)- سێ پیتی دایە.
٥- نەخێر(پ) — نیشانە بە عەرەبی.
٦- دوو پیتی هار- چەکێکی کۆنە - بەڵێ بە فەرەنسی.
٧- هونەرمەندێکی میسرییە- وەکو یەك.
٨- پایەختی ئەلیکرۆنیات- کڵاو.
٩- ڕووبارێکی کوردستانە- شکاو ڕووبار(پ).
١٠- لاواز(پ) وەکو یەك- هەوا- میوەیەکە.
١١- وڵاتێکی ئەورووپیە- منداڵی بوو(پ).
١٢- کچە گۆرانی تیژێکی کوردە.

## ستوونی:

١- زانایەکی فەرەنسی بوو هاری سەگی دۆزیەوە
٢- یارێکی وەرزشایە(پ)- ڕۆژنامەیەکی کوردییە.
٣- میوەیەکە(پ)- کین(ت).
٤- دووپیتی تەل- پیتێکی E یە- پایەختی وڵاتێکی ئەورووپیە.
٥- وەکو یەك- خێرا- گوندێکی کوردستانە.
٦- دۆزەرەوەی هێزی کارەبا- ڕێگا- دوو پیتی سەما.
٧- شارۆچکەیەکی عێراق(پ)- بوون(ت).
٨- توخمێکی کیمیاوی یە- بیابانێکە لە ئەمەریکا.
٩- بیروەی- بەشێکە لە شا- دوو پیتی زەوی.
١٠- نیوەی قاسم- هار- نیوەی عاسم.
١١- گۆرانی تیژێکی کوردە (پ).
١٢- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.

*ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی*

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکەیە بە کچ دەگوترێت)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شارێکە لە فەرەنسا — خەڵاتێکە بە فیلمی سینەمایی دەدرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوێکی هاوشێوەی ئازار، کاتێك مرۆڤ شتێکی بەسەر دێت)
- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە لە جۆ دروست دەکرێت و گوێدرێژ حەزی پێدەکات)!

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرسنگ) بوو**



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

سەردانی ماڵی هاوڕێیەکت دەکەی و چەند کەسێکی تر دەناسی کە هەموویان دەبنە هاوڕێی نزیکت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت باشبوونێکی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویستە زیاتر لەخەڵك نزیك بیتەوە وئەوەندە خۆت دوورەپەرێز نەگریت، زۆربەی کاتەکان حەز دەکەی بە تەنیا بیت، وا باشترە وەك ڕۆژانی پێشوو پەیوەندیەکانت بەهێزتر بکەی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگەر وریا نەبیت لە مامەڵە بازرگانیەکاندا زیانت پێ دەگات، کەمێك لەکاتی خۆت تەرخان بکە بۆ خوێندنەوە، پێویستە هیچ شتێك لەخۆشەویستیت کەم نەکاتەوە بەرامبەر خۆشەویستەکەت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

وەرزشکردن زۆر سوودت پێ دەگەیێنێت بۆیە ئەنجامدانی وەرزش یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکان، دیارییەکی تایبەتت پێشکەش دەکرێت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

خۆشەویستەکەت پێویستی بە سۆزی تۆ هەیە بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستادا، تۆش تا پێت دەکرێ لەسۆزی خۆتی بێبەش مەکە و زۆرترین خۆشەویستی خۆتی پێ ببەخشە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

دوای ماوەیەکی تر دووبارە بەو کەسە شاد دەبیتەوە کە حەزت دەکرد بیبینی، ئەم جارە قسەیەك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی دڵی لێت برەنجێ، بەشداری جەژنی لەدایکبوونی هاوڕێیەکی نزیکت دەکەی.

hemntoni@yahoo.com